
ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# ئەمجارەش هەر مەملەکەتی کۆڵانەکەمان



ئەحمەد سالار

مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت

یەکێك لەو شوێنانەی لە زەینا چوون نەقشی بەردە، دوکانی کۆڵانەکەیە، کە رۆژانە، بەتایبەت لە رۆژانی پشوودا هەر پاش وەرگرتنی (خەرجی) رۆژانە، منداڵ رووی تێدەکات، ئیدی ئەوە نوقڵ و مەسکەت و لەبزینە و حاجی بارام و سۆدە و سیفۆن) جۆرەك و رەحەتەللوقمی شـــروبی . دوکانی خوالێخۆشبوو(مام سەعی منەوەر) بوو، کە پۆلیســـی ســـوارە بوو، پیاوێکی بەژن بەرزی قۆز، بەتایبەت کە بە جلە پۆلیســـیە ئەفسەری رەنگ وقایش و قرۆش و قۆپچە زەرکەفتییە بریســـکەدارەکان و گوێترە و چەکە قەترانییەکەیەوە، ســـواری ئەســـپە کحیلە یاڵ شـــۆڕ و بریسکە دارەکەی دەبوو بۆ سەر کارەکـــەی، کە لەوبەر ماڵەکەیانەوە تەویلەیەکی بۆ کردبوو، هەر هەفتەی یەك دووجار بە فڵچەیەکی

**زۆربەی کات(باجی فاتم) لەسەر دوکانە خنجیلانەکە دادەنیشت، خانمێکی بەژن بەرزی سیما نوورانی بڕ میهرو نەوابوو، هەمووان پێیان دەگوت :(دایکی گەرەک)، ئێمەش بە دایکی خۆمان دادەنا**

گــەورەی زبــر پاکی دەکردەوە و ئەوســا زین و لغاو و ســـەرکلاوەی لێ دەبەســت، زۆربەی کات(باجی فاتم) لەســـەر دوکانە خنجیلانەکــە دادەنیشــت، خانمێکی بەژن بەرزی ســیما نوورانی پڕ میهرو نەوابوو، هەمووان پێیان دەگوت:

(دایکی گەرەك)، ئێمــەش بە دایکی خۆمان دادەنا، ئەو خانمە لە چارەسەرکردنی کێشــە و گرفتی ماڵانــی کۆڵانەکەدا، کاریگــەری دەســتگایەکی گــەورەی ئەمرۆمانــی هەبوو، وەك یەك ماڵ بووین (کاکە کەمال) بــرا گەورەیان بوو، (کاکە جەمال)یش هەر خۆشەویستم بوو، بێوەی و هێدی ترین منداڵی گەرەك بوو.

ساڵی ( ١٩٨٤) لە (شانۆی ســالار) سەرقاڵی پرۆڤە بووم، گوتیان، میوانێکت هەیە، کە چووم (کاکە جەمالی مام سەعیدم) بینی، نزیکەی سی ساڵ بوو نەمدیبوو، دەستەو ملانی یەکدی بووینەوە پاش چاك و چۆنی و هەواڵپرسینی گەرم و گوڕ، قاتێ جلی بە عەلاگە کراوی دایە دەســتم، وتی: ئەمە ئەو قاتە جلە پۆلیسییەی باوکمە، کە بەمنداڵی زۆر پێت جوان بوو، ئەوا جوان لە ئوتووم داوە و بۆم هێناوی رەنگە بۆ کاری شانۆیی پێویست بێ، منیش بە ســۆز وخۆشەویستیمەوە وەرمگرت و ماچم کرد و بە سنگمەوە نوسان، ئیدی لەو رۆژەوە ئەو برا ئازیزەم نەدییەوە، بەری چەند مانگێك بۆ کارێکی ئەدەبی پێویســت و سەردانی برایانم (یاســین بەرزنجی و ئاشتی دانش) سەردانی کتێبخانەی گشــتی ســلێمانیم کرد، خانمێك بــەرەو رووم هات و چاك و چۆنی لەگەڵ کردم، وتی: دەمناسیتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ ئەو (گوڵســتان) خانم دیبوو، منداڵێکی ژیکەڵەی، هەروا شــەش ساڵان دەبوو، بە چاوەکانیا ناسیمەوە، دەسبەجێ گوتم: ئەی چۆن؟

تۆ دادە گوڵســتانی مام سەعی و دایە فاتم نیت؟

ئیدی کەوتمە پرســیاری دایك و باوك و خوشــك و برا، بەتایبەتی کاکە جەمال، زۆر بــە هەواڵیان دڵتەنــگ و خەمناك بووم و هەســتم بە شەرم و پەشیمانی کرد، نەمدەزانی هیچیان نەماون، هەر لەو ساتە چاوترووکانــەدا، هەر هەموویــان هاتنەوە بەرچاوم و چی بیرەوەری ئەو گۆشــەیەی مەملەکەتەکــەی کۆڵانەکەمــان بوو.لە مێشــك و ناخمدا وروژان، چۆن وروژانێ! (سەرجەم هەستەکانمی وەگەڕنا، تەنانەت

**کەوتمە پرسیاری دایک و باوک و خوشک و برای دادە گوڵستان، بەتایبەتی کاکە جەمال، زۆر بە هەواڵیان دڵتەنگ و خەمناک بووم و هەستم بە شەرم و پەشیمانی کرد، نەمدەزانی هیچیان نەماون، هەر لەو ساتە چاوتروکانەدا، هەر هەموویان هاتنەوە بەرچاوم**

بۆنی ئاوڕشــێنی دەمەو عەسرانی بەر ماڵەکەشیانم، کردەوە... لە دڵی خۆمدا بە حەسرەتێکی زۆرەوە وتم:

ئــای رۆژانی تەمەنی ســـەردەمە ئــاڵ و واڵاکان رۆژانــە لــە بوونمان دادەتاشرێن و دابڕ دەبێ، کەچی هێندە بێ ئاگابن، یان گەلێك دڵ سەنگین و پێ نازانین!؟

هاوسێیەکمان هەبوو، هەر لەسەرەتاوە دیواری نێوان حەوشەکانیشــمان نەبوو، پیاوێکــی رووخۆشــی قســەخۆش و ئازیــزی هەمــووان و (داینەمــۆ) ی هونەر لە شــارەکەدا، مامۆستای خوالێخۆشــبوو،(ئەنوەر تۆفی ) باوکی(دکتــور دلێر) کە لە هاورێ خۆشەویســتەکانی ئەو سەردەمە و هەتا ئەمرۆشە، مامۆســتا خەڵکــی (بامەڕنــی) بوو، هەر کــە خانەی مامۆســتایانی گوندیــی(دار المعلميــن الريفيــة) ی لە (رۆســتەمیە)ی بەغدا تەواو کردبوو، یەکسەر لە (تەوێڵە) ی(هەورامان) وەك مامۆستا دەستبەکاربوو بوو.. پاشان هاتە شاری(سلێمانی) و بووە و دراوسێمان. ئەو دەمە مامۆستای هونەربوو، لە ئامادەیی پیشەسازی، کە سەرەتا لەو شوێنەدا دەیانخوێند کە پاشان بوو بوو بە (گەراجی کارگێری ناوخۆ) و ئێســتا (بەرێوەبەرایەتی رەگەزنامە)یــە، کە تەنیا(٢٠) مەتر لە ماڵەکەیانەوە دووربوو، ئەم مامۆســتایە یەکێکە لە رابەرەکانی هونەری شــێوەکاری لەو شارەدا، شان بە شانی (حەســەن فەلاح) و (خالید سەعید) و (جەمال بەختیار).. جگــە لەوەی ئەم مامۆســتا هونەرمەندە، بــووە بزوێنەری گیانی هونەری لە گشــت بوارەکانی هونەرە جوانەکاندا، بەتایبەتی هونەری شــانۆ.... ماڵی، ئــەم هونەرمەندە، لانــەی خوشــك و بــراو برازاکانی و تەنانەت گشــت ئەوانەی لەو دەڤەرەوە، چ بۆ خوێندن یان بۆ کارکردن روویان لە سلێمانی دەکرد، خویەکی زۆر سەیری هەبوو، بەبــێ دەنگی(رادیۆ) خەوی لێ نەدەکــەوت، گەر(رادیــۆ) کەیان بکوژانایەوە دەســبەجێ رادەچڵەکی، دەبــێ ئەوەش بڵێم لــە هاویناندا، ئەو (رادیۆ )یــەی ئەو بوو بــووە رادیۆی مەملەکەتەکە، چونکە بمانویســتایە و نەمانوویســتایە هەر هەمووان گوێمان لێ دەبوو، ئەویش لە شــیرینی خەوی خۆیدا بوو.

**گەر(رادیۆ)کەیان لە ئەنوەر تۆفی بکوژانایەوە دەسبەجێ رادەچڵەکی، دەبێ ئەوەش بڵێم لە هاویناندا، ئەو (رادیۆ)یەی ئەو بوو بووە رادیۆی مەملەکەتەکە، چونکە بمانویستایە و نەمانویستایە هەر هەمووان گوێمان لێ دەبوو، ئەویش لە شیرینی خەوی خۆیدا بوو**

## گۆرانیبێژ ڕۆنی ئاریز بۆ گوڵان:

# هیچ کات هونەرم بەسەرچاوەی بژێوی ژیان دانەناوە

دیمانە: هەژار مەموزینی

**■ ڕۆنی ئاریز یەکێکە لەو گۆرانیبێژە نوێیانەی کە توانای پێشکەش کردنی هونەری هەیە بەپشت بەستن بەخۆیەوە، بۆیە سەرەڕای هیچ یارمەتی نەدانێکی. گۆرانیبێژ ڕۆنی ئەلبومێکی بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆی بەرهەم هێناوە، ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبومی دووەمیەتی. هەروەها لەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ گوڵاندا باس لە بەربەستەکانی بەردەمی دەکات و دەڵێت «هیچ کات هونەرم بەسەرچاوەی پەیداکردنی بژێوی ژیان دانەناوە.■**



## عومەر گوندی: کلیپ هەیـــــــ

تەمەنێکــی زۆری لە نێو گۆرانی و موزیکدا بەســەر بردووە، دەتوانین بڵێین هونەرمەندی چەندین نەوە بووە، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا تاکو ئێســتا بەردەوامە، هەمیشە بە دوای شــتی نوێ و سەردەمیانەوە بووە بۆ ئەوەی لە هیچ نەوەیــەك دانەبڕێت، بۆیە جاری وا هەبووە رەخنەی ئەوەی لێگیراوە گوایە ئەو کارانەی پێشکەشــیان دەکات لەگەڵ سەردەم و تەمەنی ئەودا ناگونجێن بەتایبەتی لە دوایین کلیپیدا، بەڵام عومەر گوندی پێیوایە هونەرمەند دەبێ خۆی بە هونەرمەندی هەموو سەردەم و نەوەیەك بزانێت و جیاوازی نەکات لەنێوانیان و نابی خۆی بە زەمەن و نەوەیەکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە.

عومەر گوندی لەو دیمانە کورتەی گوڵاندا باس لەوە دەکات کە هونەرمەند هەرچەند خاوەن توانا و بەهرەی هونەری بێت و جەماوەریشــی لە ئاستێکی بەرزدابێت، بەڵام پێویســتی بە یارمەتی و راوێژی کەسانی نزیکی خۆی هەیــە و لەم بارەیەوە دەڵێت: لە هەر بوارێکی ژیاندا رای دوو کەس و زیاتر باشترە لە رای تاکە کەســێك، چونکە مرۆڤ بە وەرگرتنی رای کەسانی دیکە بەتایبەتی کەســانی نزیکی خۆی، لە خۆپەرستی و سەپاندنی رای تایبەتیی خۆی دووردەکەوێتەوە، من لەهیچ کاتێکدا کارێکی وام نەکردووە کە رای خۆم بسەپێنم تەنانەت لەو کارانەی کە پێوەندیی راستەوخۆیان بەمنەوە هەیە هەمیشە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیاندا راوێژم کردووە بۆ هەڵبژاردنی ئاواز و تێکســتەکان، بەهەمان شێوە قســەی جەماوەر و خێزانەکەشم زۆر بە هەند وەردەگرم ،چونکە هاوســەرەکەم لە هەموو کەس نزیکترە لە من و زۆریش گرنگە بۆ من لەســەر کارە هونەرییەکانم رای وەربگرم، هەرچەندە زۆر جار تەنیا راوێژی پێدەکەم و تەنیا سوودی لێوەردەگرم ، بەڵام بە وردی گــوێ لە رەخنە و ئامۆژگاریەکانیــان دەگرم، بۆ ئەوەی بزانم کارەکانم چ کەموکوڕییەکیان هەیە و چۆن دەتوانم چارەسەریان بکەم، چونکە هونەرمەند وەك جەماوەر کارەکانی خۆی نابینێت، لێرەدا دەمەوێ سوپاســی بێ پایانی خۆم پێشــکەش بە هاوســەرەکەم و هەموو ئەو کەســانە بکەم کە تەنیا بە وشەیەکیش هاوکاریان کردووم.

ســەبارەت بەو رەخنانەی لە کلیپەکانــی گیراوە گوایە لەگەڵ تەمەن و ناوبانگی خۆی ناگونجێت یاخود دوورە لە دابونەریتەکانی نێو کۆمەڵگای کــوردەواری ، گوندی دەڵێ: دەبی دان بەوە بنێم کە لەســەر هەندێك لە

*** سەرەتای دەست پێکردنتان بەکاری هونەری بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- من لە باکووری کوردستان ئارەزووم کاری هونەری بوو، بەڵام دوای ئەوەی هاتمە ئەوروپا لەساڵی٢٠٠٣وە خۆم فێری ساز کرد و دوای ئەمە دەچمە خولی کۆرسی فێربوونی گۆرانی لە ئەڵمانیا لە ئەکادیمیای کولتور و هونەری کوردی، بۆیە لەوکاتەوە هونەر بۆتە کارم.

*** بۆچی کلیپ و بەرهەمی هونەریت کەمە؟**

- لەبەرئەوەی لە ئەوروپا ناتوانین فریای پێداویستیەکانی ژیان بکەوین. ئینجا کاری هونەریش پێویستی بە مادیەکی زۆر هەیە، منیش ئەو توانایەم نییە، بۆیە نەم توانیوە هەم کلیپ و هەم ئەلبومیش زۆر بەرهەم بهێنم.

*** کاتێك لایەنی ئابووریت لاوازە بۆچی ئەم ڕێگایەت هەڵبژارد؟**

- هیچ کات هونەرم بەسەرچاوەی بژێوی ژیان دانەناوە بۆ خۆم، بەڵکو خۆشەویستیی من بۆ هونەر وایکردووە ئەم ڕێگایە هەڵبژێرم، هەرچەندە هونەر بێ پشتگیریی ئابووری پێش ناکەوێت. بەڵام من بەردەوام دەبم، چونکە هەر لەمنداڵیەوە بەخۆشەویستیی هونەر گەورە بووم.

*** گوایە ڕۆنی هۆنراوەش دەنووسێت؟**

- بەڵێ، لە ئەلبومەکەمدا دوو گۆرانییان ئاواز و هۆنراوەکەیان هی خۆمن و ماوەیەکی زۆرە دەستم بە نووسینی هۆنراوە کردووە جگە لە تێکستی گۆرانی چەندین بەرهەمی شیعرم چاپ کردووە.

*** سپۆنسەر و کۆمپانیا هونەرییەکان چۆن دەبینیت؟**

- بەداخەوە. لەناو ئێمەی کوردا کۆمپانیا ڕۆڵێکی باش ناگێڕێت لە پشتگیری کردنی هونەرمەندان. چەندین هونەرمەند هەن دەنگیان خۆشەو توانایەکی زۆرباشیان هەیە، بەڵام کۆمپانیاکان پشتگیری لەم جۆرە کەسانە ناکەن. بۆیە ڕۆڵیان زۆر لاوازە.

*** هۆکارچییە؟**

- لەسیستەمی کاپتالیزمدا هەمیشە کەسێکی دەوڵەمەند هاریکار نابێت لەگەڵ کەسێکی دەست کورت، بۆیە کۆمپانیاکان سپۆنسەری ئەلبومی هونەرمەندێکی بی دەسەڵات یا ئازاد ناکەن.

*** گۆرانیبێژان و خەڵکیش پێیانوایە گۆرانیبێژەکانی ئێستا بەهایان بۆ هونەر نەهێشتۆتەوە؟**

- ڕاستە، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئێمە بن دەستین و خاوەن خوێندنگای هونەری نین. کە هونەرمەند بتوانێت خۆی تێدا پێشبخات، بۆیە گۆرانیبێژە نوێیەکان کاتێك باش فێری هونەری گۆرانیی گوتن نەبن. ئیتر چۆن دەتوانن بەرهەمێك پێشکەش بکەن کە بە دڵی گەل بێت.

*** هۆکاری چوونە دەرەوەتان چی بوو؟**

- من نەم دەویست بێمە ئەوروپا، بەڵام مخابن کەتەمەنم١٧ساڵان بوو، لەبەر خراپیی ڕەوشی سیاسیەوە ناچاربووین وڵات جێ بێڵین و ببینە پەنابەر لەئەوروپا.

*** ڕۆنی بەکرمانجی و زازاکی گۆرانی دەچڕێت، لەبەرنامەیدا نییە بە سۆرانیش گۆرانی بڵێت؟**

- زۆر حەز دەکەم بەتەواوی شێوە زمانەکانی کوردی گۆرانی بڵێم، بۆیە بە کورمانجی و زازاکی گۆرانیم چڕیوە و لەبەرنامەمدایە ئیتر بە سۆرانیش گۆرانی بڵێم، بۆیە ئێستا لەهەوڵی فێربوونی شێوەزاری سۆرانیدام.

*** زیاتر حەز لەچ وەرزێکی ساڵ دەکەیت؟**

- من حەز بەهەموو وەرزەکانی ساڵ دەکەم، بەڵام زیاتر حەز لەوەرزی هاوین دەکەم، بۆیە ئارەزووم بەر ڕۆژ و گەرمییە.

*** زیاتر ئێوە کونسێرت لە ئەوروپا یا لە کوردستان ساز دەدەن؟**

- لەئەوروپا هەندێ جار بۆ کۆنسێرت بانگهێشتمان دەکەن، بەڵام لەکوردستان نازانم داواکاریمان بۆ نایەت تا کۆنسیرت سازبکەین.

*** هۆکارچییە کە هونەرمەندان زۆرتر بانگهێشت دەکرێن بۆ داوەت نەك کۆنسێرت؟**

- کۆنسێرت هێشتا نەبۆتە کلتورێك لەنێو هونەری کوردیدا، بۆیە داوەت بۆتە دابونەریت زیاتر. چونکە کولتوری کۆنسێرت گێران شتێکی نوێیەو هێشتا لەنێو کاری هونەریدا جێگیرنەبووە.




# ـــــــە زیانی هەیە

کلیپەکانم رەخنەی توندم لێگیراوە و رەخنەکانیش لە جێی خۆیاندا بوون، چونکە لەوانەیە کاری وام کردبێت کە تا رادەیەك لەگەڵ ئەو سەردەم و تەمەنەی مندا گونجاو نەبوون ، بەڵام کە رازی بووم بەو کلیپانە نەمویستووە دەست بخەمە نێو کاروباری دەرهێنەرەوە وەك گوتم من نامەوێ قسەی خۆم بەسەر کەسدا بسەپێنم و لە هونەردا پێویستە هەر کەسێك ئەرکی خۆی بە تەواوی و بە ئەنجام بگەیەنێت بۆ ئەوەی کارەکە سەرکەوتوو بێت، بۆیە لە هەموو کلیپەکاندا من بەپێی سیناریۆکان کارم کردووە و هەوڵم نەداوە دەستکاریان بکەم یان بیانگۆڕم.

گوندی هەر سەبارەت بە کلیپەکان دەڵێت: ئێستا شتێکی زۆر باو هەیە ئەویش بریتییە لە شەڕی کلیپ، ئێمە لە زەمەنێکداین کە رکابەرێتییەکی زۆر هەیە لەنێوان هونەرمەندان لە بواری کلیپ بەجۆرێك وەك شەڕی لێهاتووە، چونکە بینەر کلیپ دەبینێت و زۆر جار هونەرمەندان پەنا بۆ شێوازی جیاجیا دەبەن بۆ ئەوەی بە کلیپ سەرنجی بینەر بۆ کلیپەکانیان رابکێشن و کلیپەکانیان زۆرترین بینەری هەبێت، بۆیە پێویستە هونەرمەندانی هاوتەمەنی من و ئەو گەنجانەی ئێستاش هاتوونەتە نێو بواری گۆرانی و هونەرەوە ئەو راستییە باش بزانن و لەبەرچاوی بگرن ، هەروەها زۆر بە ورياييەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، من دان بەوەدا دەنێم کە هەندێك کلیپم کردووە گونجاو و شیاو نین نە بۆ تەمەنی من نە بۆ جەماوەرەکەم کە پێشتر منیان ناسیوە و شارەزاییان هەیە لەو هونەرەی کە پێشکەشم کردووە، بۆیە ناچارم شیرین و تاڵ بە یەکەوە نۆش بکەم، من هەوڵ دەدەم زۆرترین بنکەی جەماوەری هونەریم هەبێت، بۆیە رەنگە جاری وا هەبێت ئەمە لەسەر حیسابی ناوبانگ و تەنانەت مێژووی هونەری منیش بێت و هەموو مرۆڤیکیش هەڵە دەکات و کەسیش لە هەڵە پارێزراو نییە.

# درامای (عومەر) بەردەوامە وناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە



فەرمانگەی کاروباری ئیسلامی و کاری خێرخوازی لە دوبەی داوای لە بینەران کرد بە هیچ شـێوەیەك سـەیری زنجیرە درامای (عومەر) نەکەن و بایکۆتی بکەن ئەمەش وەك پشتگیرییەك لە پێغەمبەر دروودی خوای لێبێ و ڕێز گرتنێك لە ئیمام عومەر کە بە یەکێك لە ڕەمزەکانی ئیسلام دادەنرێت.

فەرمانگەی ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە پێویسـتە ڕێگە بەم جـۆرە کارانە نەدرێت کە جۆرێکە لە بیدعە و گاڵتە کردن بە هەر یەکێك لە یاوەرانی پێغەمبەرو تانە لێدانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسـلام و هەستی ملیۆنەها موسڵمانیش بریندار دەکات، لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتـووە: بینینی ڕۆڵی عومەر و هەر یاوەرێکی دیکە بێ کەموکوڕی نابێـت لەڕووی نواندنی درامـی و هونەری ئەمەش لە زەینی بینەران ڕەنگ دەداتەوە و بەو شـێوەیە وا هەست دەکەن یاوەرەکانیش بەو شێوەیە بوون، ئەمەش لە شکۆ و گەورەییان کەم دەکاتەوە لە گەیاندنی پەیامی خوا، بۆیە داوا لە لایەنە پێوەندیدارەکان دەکەین نمایشـی ئەم زنجیرەیە رابگرن و شتێکی وا پێشکەش بکەن کە خەڵك سوودی لێ ببینێت.

جگـە لەمە هەندێك کەس ڕەخنەی ئەوەیان لە زنجیرەکە هەیە گوایە پاڵەوانی زنجیرەکە کە ڕۆڵی عومەری بینیوە مەسـیحیە و موسڵمان نییە.

لە وەڵامی ئەم تۆمەتەشدا حاتم عەلیی دەرهێنەری زنجیرەکە رایگەیاند ئەکتەری سوری سامر ئیسماعیل کە ڕۆڵی عومەری کوری خەتابی بینیوە موسـڵمانێکی سـوننەیە و دەرچووی پەیمانگای باڵای هونەرەکانی شانۆیە لە دیمەشق.





# ڤیکتۆریاش دەبێتە ڕۆژنامەنووس

لە ژمارەی مانگی سـیپتێمبەری داهاتوو وەك سەرنووسەری گۆڤاری («Glamour)،ڤیکتۆریا بێکهام وەك سەرنووسـەر دستنیشـان کرا، بەمەش سەرپەرشتی هەموو کارەکانی گۆڤارەکەی کرد.

ئـەم ژمارەیەی گۆڤـاری ناوبراو تایبەت بوو بـە مۆدێل بۆیە خۆی سەرپەرشـتی راسـتەوخۆی کرد و دیمانەیەکی تایبەتی خۆیشی تێدایە و بەرگەکەش بە وێنەی خۆی رازاوەتەوە، وێنەکەیشـی کە نیمچە رووتە لەسـەر بەرگ و لەناو کەفاوێك دانیشتووە خۆی هەڵیبژاردووە، هەر لەم دیمانەیەدا ڤیکتۆریا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە زۆر سەرسامە بە چیرۆکی (٥٠ shades of grey) و دانەیەکی بۆ دایکی خۆیشـی کڕیوە، بەڵام هەر کاتێك لەگەڵ دایکیدا ئەو بابەتەی باس کردبێت دایکی خۆی لێی دزیوەتەوە.

ڤیکتۆریا باسـی ئەوەشـی کرد کە هۆکاری نەمانی زەردەخەنە لەسەر لێوی بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـە هاتنە ناوەوەی جیهانـی مۆدێل وای لێکردووە کە کەسایەتییەکی نوێی هەبێت لە کۆمەڵگادا.

# کارلا سکاڵا لەسەر گۆڤارێک تۆمار دەکات

کارلا برۆنی هاوسـەری نیکۆلا سـارکۆزیی سـەرۆکی پێشووی فەرەنسا سکاڵایەکی دژی گۆڤاری (کلوسەر)ی فەرەنسی لە دادگا بەرز کردەوە، چونکە لە ژمارەیەکیدا ئەوەی بڵاوکردبۆوە کە کارلا دووگیانە. کارلا لە سکاڵاکەیدا نووسیویەتی: هەمیشـە بە ناوی ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە بێدەنگیم هەڵبژارد بەرامبەر بەو شتانەی کە لەسـەر من دەنووسـران و ئەو وێنە دزراوانەی من کە بڵاودەکرانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هاوسـەری سـەرۆك کۆماری فەرەنسا بووم، بەڵام هەسـت دەکەم ئێستاش هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندن بەردەوامن لە پێشـێل کردنی ژیانـی تایبەتی خۆم ئەمەش لەپێناو چەند سـوودێکی کەمیی ماددی، بۆیە ناچارم بیر لەوە بکەمەوە لە ڕێگای یاساوە ڕێگا لـەو ڕۆژنامانە بگرم کە ئـەو کارانە دەکەن و زانیـاری و پروپاگەندە دژی من بڵاو دەکەنەوە، و بە گۆڤاری کلوسەر دەستم پێکردووە. کارلا ئەوەشی گوت: ئەو سەرچاوە نزیکانەی کە باسی لێوەدەکات و هەواڵ بە گۆڤارەکە دەدن بەبێ ڕەزامەندیی من لێدوان دەدەن و ئاگام لە زۆریشـیان نییە، بەداخەوە هەندێك لە گۆڤارەکان لێدوانی لەسەر بەرگیان دادەنێن کە هیچی هی من نییە، دەمەوێ ئەوەش بڵێم هەر قەرەبوویەکی ماددی وەبگرم بۆ کۆمەڵە خێرخوازییەکەی من دەبێت.






# بیونسی لە هۆڵی UN کلیپ دەکات

خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکایی بیونسی بەنیازە لەنێو بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکاندا یەکێك لە کلیپەکانی تۆمار بکات وەك پروپاگەندەیەك بۆ هەڵمەتێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی مرۆڤایەتی.

قسەکەرێك بە ناوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەم بارەیەوە رایگەیاند کە گۆرانییە نوێیەکە بە ناوی (من لەوێ بووم) ە و لە هۆڵی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا و لە رۆژی ١٩ی ئەم مانگەدا بە بۆنەی رۆژی جیهانیی هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان وێنەی دەگیرێت.

لەلایەن خۆیەوە بیونسی لە بەیاننامەیەکدا کە بەم بۆنەیە بڵاوی کردەوە گوتی: ئێمە هەموومان ناونیشانی هەواڵەکان دەخوێنینەوە و لە خۆمان دەپرسین چۆن یارمەتیان دەدەین، بۆیە رۆژی جیهانیی هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان دەرفەتێکی دیکەیە لەبەردەمماندا بۆ ئەوەی جیهان بگۆڕین و یارمەتیی مرۆڤایەتی پێشکەش بکەین، منیش ئەمەم بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لە پێشکەش کردنی یارمەتی و هاریکاریی مرۆڤایەتی بەو کەسانەی کە پێویستییان پێی هەیە و بەشداری کردنیشم هەر بەو گۆرانییە دەبێت.

# نەجوا بۆنەکەی وەرنەگرتووە

کەناڵی (ئێم بی سی) بەڵێنی بە خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نەجوا کەرەم دابوو کە بۆنێکی تایبەت بە ناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە، بەڵام واپێدەچێ بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاندووە.


بەپێی بەیاننامەیەك کە لە نووسینگەی نەجوا کەرەم دەرچووە،هاتووە : بڵاو کردنەوەی بۆنێك یەکێك بوو لە خەونەکانی نەجوا کەرەم و کەناڵی (ئێم بی سی) بەڵێنی دابوو ئەم خەونەی بهێنێتە دی، بەڵام کاتێك لە کەناڵی ناوبراویان پرسی پێیان راگەیاندن کە نەجوا نموونەیەکی بۆنەکەی وەرگرتووە و دوای ماوەیەکی کەم لە بازاڕەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام نەك هەر بڵاو نەکرایەوە تەنانەت نەجواش هیچ نموونەیەکی وەرنەگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کەناڵی ناوبراو بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاندووە و تەنیا بۆ پروپاگەندە لە بەرنامەیەکی راستەوخۆ ئەمەیان بە نەجوا راگەیاند بوو.

شایەنی گوتنە نەجوا بە دڵخۆشییەوە رایگەیاندبوو کە بۆنێکی تایبەت بە ناوی خۆیەوە یەکێك بووە لە خەونەکانی و کەناڵی (ئێم بی سی ) بەڵێنی دابوو بەجێی بگەیەنێت.



# میکاییلا:
# هونەر پەیامێکی پیرۆزە، بەڵام شێوێندراوە

بەیروت/ فابیان عۆن



**■ گۆرانیبێژێکە بە هەنگاوی بەهێز و بڕوا بە خۆبوونەوە بەرەوە ناوبانگ هەنگاو دەنێت، بێ ئەوەی ئاوڕ لەدواوە بداتەوە، چونکە خاوەن بەهرە و توانایە و بڕوای بە تواناکانی خۆی هەیە، کە خوای گەورە پێی بەخشیون و وایان لێکردووە بە چەندین زمان گۆرانی بڵێ و ترسی لە رکابەری نەبێ کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریدا بە هەموو شێوەیەکی شەرعی و نا شەرعی بوونی هەیە، میکاییلا یەکێکە لەو دەنگ خۆشانەی کە سەرنجی مرۆڤ بۆ دەنگەکەی خۆی رادەکێشێت، لە بەیروت ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد.■**



*** خانەوادەکەت چ رۆڵێکیان هەبوو لە سەرەتای ژیانی هونەریتدا تا بە ئەمڕۆ گەیشتیت؟**

- خانەوادەکەم هاندەر و پاڵپشتی گەورەم بوون لە ژیاندا، هەمیش لە هەموو هەنگاو و قۆناغە سەختەکانی ژیانمدا پشتیان گرتووم، ترسی خانەوادەکەم لە بەرژەوەندیی من و رەچاو کردنی ئەو بەرژەوەندییە هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ من تاکو بەردەوام بم و هەنگاوەکانم پتەوتر بکەم لە نێو ئەو کەشوهەوایەی ئێستای هونەردا، پەنا بە خوا من بڕوام بە خۆم هەیە و خانەوادەکەشم هەمیشە پاڵپشتێکی بەهێزی کچەکەیان دەبن.

*** تێگەیشتنی تۆ بۆ یاخیبوون بەسەر دابونەریتەکاندا چییە؟ کاتێك کچێك بیەوێ ببێتە گۆرانیبێژ لە کۆمەڵگایەکی کۆنسەرڤاتیزدا؟**

- کەس ناتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە رۆژگاری ئەمڕۆ جیاوازە لە گەڵ چەند ساڵێکی بەر لە ئێستا، چونکە ئێستا ئازادترە و خاوەن بڕیاری خۆیەتی، دەزانی سوود و بەرژەوەندنییەکانی خۆی لە کوێن، بەڵام بە مەرجێك ئەمە لە دەرەوەی دابونەریتە باوەکان و لێ دەرچوونیان نەبێت، بۆیە هەڵبژاردنی بواری هونەری،من بەیاخی بوونی نازانم بە قەد ئەوەندەی بڕوا بوونە بە توانا و بەهرەکانی خۆی کە خوای گەورە پێی بەخشیون، من قەناعەتم بەوە هەیە کە هەر ئەم نیعمەتەیە مرۆڤێك لە یەکێکی دیکە جیا دەکاتەوە، بەمەرجێك بزانرێ ئەم بەهرە خواییە بەشێوەیەکی تەندروست بەکاربهێنرێت.

*** هونەر پەیامێکی پیرۆزە، بەڵام ئەو پەیامەی لە رێگای کلیپەکانەوە ئاراستەی لاوان دەکرێ جیایە لەو پەیامە پیرۆزە، رات چییە بەرامبەر بەم مەسەلەیە؟**

- بێگومان هونەر پەیامێکی پیرۆزە، بەڵام لە بەدبەختی دەبینین ئەمڕۆ هەندێك هونەرمەند هەن ئەم پەیامەیان بەشێوەیەکی دیکە بۆیە کردووە کە لە چوارچێوەی باوی خۆی دەرچووە، هونەر بووەتە پەیامێکی جوانکاری و تاکە ئامانجیشی بووەتە ماددە و باشترین بەڵگەشمان ئەوەیە کە چەندین کەناڵ هەن گۆرانییە ئاستنزمەکان نمایش دەکەن بێ ئەوەی کە وشەکانی لەبەرچاو بگرن کە زۆر جار هەستی مرۆڤ بریندار دەکەن و دوورن لە دابونەریت تەنیا لەپێناو ئەوەی پارە کۆ بکەنەوە.

*** ئێستا غەریزە کراوەتە ئامانج، بە رای تۆ جەماوەر چۆن کار و بەرهەمە باشەکان لەنێو هەموو ئەو بەرهەمە ئاست نزمانەدا لە یەکدی جیا دەکاتەوە؟**

- پێموایە بیسەر وشیارە وخاوەن ئاستێکی رۆشنبیریی بەرزە کە بتوانێ کاری باش و خراپ و کاری ئاست بەرز و ئاست نزم جیابکاتەوە و کەناڵەکان ئەوانەی شتی ئاست نزم نمایش دەکەن ناتوانن تا هەتایە کۆنترۆڵی ئارەزوو و ویستی جەماوەر بکەن و بە ویستی خۆیان چۆنیان بوێت بەو ئاقارەیدا ببەن.

***لە هونەردا کێ مەرجەعی تۆیە؟**

- تاکە مەرجەعم جەماوەرەکەمە.

*** ئاستی ئێستای هونەر چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- گۆرانی بە گشتی ئاستی خۆی پاراستووە، بەڵام بەداخەوە ماوە ماوە کەسانێك کە خۆیان بە شاعیر دەزانن، چەند وشەیەکی دوور لە دابونەریت و رەوشت بە ناوی شیعر بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان یارمەتی بڵاوبوونەوەی ئەو گۆرانییانە دەدات کە لە ئاستێکی زۆر نزمدان و هیچیان بەسەر هونەرەوە نییە.

*** چۆن دەتوانین ئەو شەپۆلە ئاست نزمە رابگرین؟**

- دەبێ هەموومان هاوکاری یەکدی بکەین، کەناڵەکان، ئێستگەکان و جەماوەر، ئەمەش تا رادەیەك خەریکە دێتە دی، چونکە بەر لە ماوەیەك زۆر گوێمان لە (نانا) و (دانا) دەبوو، بەڵام ئێستا ئەمانە هیچ وجودیان نەماوە لەسەر گۆڕەپانی هونەری و لە کۆتاییشدا تەنیا هونەریی راست و رەسەن دەمینێتەوەو ئەم گۆرانییانە تەمەنیان کورتە و بە تێپەڕبوونی رۆژگار ئەوانیش دەتوێنەوە و خەڵك لە بیریان دەکات.

*** گۆرانییە نوێیەکەت چ پەیامێکی هەیە؟**

- گۆرانییەکە بە ناوی (بحلم) گۆرانییەکی کلاسیکە جوانیی هەستی شاعیر لە وشەکانیدا بەدی دەکرێت، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنێکی زۆر باشی بەدەستهێنا و ئێستا لە زۆربەی ئاهەنگەکانمدا گۆرانیی یەکەمە، پەیامی ئەم گۆرانییە روون و ئاشکرایە و ئەوە دەخاتە روو کە ناکرێ خۆشەویستی بە خاڵێکی لاواز دابنرێت، بەپێچەوانەوەش خۆشەویستی مایەی هێزو هاندەرێکە بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین.

